The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# ناوەندی چاک دژی خنکاندنی ئازادی دەربرین و ڕۆژنامەگەرییە کە پارلەمانی کوردستان پەسندی کردووە

پارلەمانی کوردستان لە رۆژی سێشەممە یاسایەکی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وتار لە سایت و رۆژنامەدا پەسندکردووە، لە یاساکەدا هاتووە، هەر بابەتێک وەکو هەواڵ، وتار یا بابەتی لەمشێوەیە کە نائارامی دروست بکات، ترس بڵاوبکاتەوە، هانی تیرۆر بدات، ڕەخنەی نابەجێ لە بروای ئایینی بگرێت، گەمە بە سیمبۆل و کەسایەتی بکات هتد. لە سایت یا رۆژنامە بڵاوبکریتەوە سزای لەسەرە. بەپێی ئەو یاسایە دەکرێ رۆژنامەنوسێک یا نووسەرێک لەسەر هەواڵ یا وتارێک 8.250 دۆلار سزا بدرێت ئەگەر لە مالپەری ئەلەکترۆنیدا بڵاوی بکاتەوە. بە 16.500 دۆلار سزا دەدرێت ئەگەر لە رۆژنامەیەکدا بڵاوی بکاتەوە. بەپێی ئەو بڕیارە دەکرێ زۆر بابەت و هەواڵ قەدەغەبکرێن.

ئەو یاسایە واتای خنکاندی ئازادی گوتن و دەربڕینە، واتای نەهێشتنی دەنگی ئازاد، سایت و رۆژنامەی سەربەخۆی ئازادە، بۆیە ئەو بڕیارە بە هەموو پێوەرێک دژی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ئازادییە.
ناوەندی چاک بە توندی پرۆتستۆی ئەو بڕیارەی پەرلەمان دەکات، پێیوایە ئەوە هەڵگرتنی ڕێچکەیەکی مەترسیدارە بەرەو دیکتاتۆریەت، بۆیە داوا دەکات ئەو بڕیارە هەڵبوەشێندرێتەوە. جگەلەوەی لە ئاستی جیهانیدا ئەو بڕیارە زیانی گەورە بە کوردستان دەگەیەنێت و کوردستان دەخاتە ڕیزی وڵاتانی دیکتاتۆری ناوچە.
پێویستە لە باشوری کوردستاندا پەیرەوی ئازادی دەربرین و ئازادی رۆژنامەگەری بەپێی ستانداردی جیهانی بکرێت، کەمتر لەوە زیان بە رەوتی دیموکراتیزەکردن و ئازادی دەگەیەنێت.

ناوەندی چاک
13.12.2007

www.chak.be
chak_org@yahoo.com